# بەهار..
# سەرەتایەکی باش و ئەنجامێکی تاڵ

**سەرقاڵی مرۆڤ بە کاری رۆژانە زۆرجار هەندێ لە کارە سەرەکییەکانی ژیانی خۆی لەبیر دەچێتەوە، بۆ چارەسەرکردنیشیان لەوانەیە هەندێ جار بەهەڵەدا بچێت، وەك (بەهار)بۆمان باس دەکات کە چۆن بەبێ راوێژ وەرگرتنی کەسانی بەئەزمون توشی ئەم گرفتە گەورەیەی خێزانەکەی دەبێتەوە و لەکۆتایشدا خۆی دەبێتە قوربانی حەزی هاوسەر و دەوروبەرەکەی. ژیری مرۆڤ لەرەفتاریدا دەردەکەوێت و هەمیشە بەئارام دەبێت لەبەرامبەر پێشهاتەکاندا بۆئەوەی تاکێکی سەرکەوتوو بێت لەژیانی خۆیدا.**



### یەکەم بڕیاردان

دوای تەواوکردنـــی خوێندن هەوڵمدا لەبواری خۆمـــدا کەدەرچووی کۆلێـــژی ئەندازیاری بـــووم دابمەزرێـــم و خزمەتێـــك بکـــەم، دوای تێپەڕبوونی (٤)مانگ بەســـەر دەرچوونمدا لەیەکێك لەفەرمانگەکانی حکومـــەت وەك ئەندازیـــاری کارەبا دامـــەزرام، بەهـــۆی زیرەکـــی و لێهاتوویـــی خـــۆم توانیـــم ببمـــە ســـەرۆکی بەشـــێکی گرنـــگ، ئەمەش چەندین هەلومەجالی باشی کارکردنی هێنایە بەردەمم و ســـودی باشـــم لێوەرگرت، وەك ئیفادکردن بۆ دەرەوەی وڵات بەمەبەســـتی بینینی چەندین کۆرس و ۆرك شۆپی تایبەت. (بەهار) وەك هەموو کچێکـــی تر بەمافی خـــۆی دەزانێـــت بیـــر لەپێك هێنانی پرۆسەی هاوسەرگیری بکاتەوە، لەوکاتەشـــدا زیاتر کچان دەکەونـــە دوو دڵـــی و ڕاراییەکەوە بەتایبـــەت ئەگەر لەیەك کاتدا زیاتر لە کەسێك پێی بڵێت داوای هاوسەری لێبکات، بۆیـــە هەوڵ دەدات کامەیان زۆرتر دەگونجێت ئەوەیان هەڵبژێرێت، (بەهار)یـــش کاتێك کوڕی پوری پێی داوای دەکات ئەو لەهەموویان بەباشـــتر دەزانێـــت و لـــەدوو لایەنەوە پەســـەندی دەکات، لایەنی یەکەم لەبەرئەوەیە کە کوڕی پوریەتی و باشـــتر دەیناســـێ تا کەسێکی بێگانە، دووەمیش ئەوەیەکە دەرچووی زانکۆیە و فەرمانبەرە و لەرووی کاروکاسبییەوە کەسێکی بـــاش و گونجاوە. هەروەك بەهار دەڵێت: جگەلەو دوو لایەنە کەهۆکاری ســـەرەکی بوون بۆ زەواج کردنم بکە عەلی هـــاوکات کوڕێکی زۆرجوان و سەرنجڕاکێشیش بوو.

کەسایەتی (عەلی) کەمێك ئاڵۆز بوو زۆرکەس خۆشـــیان نەدەویســـت تا بەتـــەواوی لێی نزیك نەبویتایەوە و نەتناسیایە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمێك غیرەی دەکردو وەك بڵێین دڵی پیس بوو لێم، بەڵام بەو ڕادەیە نا کە بڵێم هەمیشـــە چاودێریم بکات و ڕێگریم بکات لەچوونە دەرەوە و سەفەرەکانمدا. سەرقاڵی ژیان و کارکردن وایلێکردم کەمتر بتوانم خزمەتی هاوســـەرکەم بکەم، ئەویـــش بەردەوام گلەیی لێدەکردم و بۆڵەی زۆری دەکرد بەسەرمدا و دەیگوت: تۆ وەك ژنی خەڵکی نیت و ناتوانیت خزمەتـــی میوانێك بکەیت یـــان لەگەڵمدا بێیتە دەرەوە، هەمیشە سەرقاڵیت. بەم قسانە جاربەجارێك دڵتەنگ دەبووم و هەندێك جاریش دەگریام بەبێ ئەوەی عەلـــی بزانێت، دەمگوت ئـــەم پیاوە بۆ ئەوەنـــدە گلەیم لێدەکات، خۆمـــم بەکەمتەرخەم نەدەزانی، نەشـــم دەزانی چی بکـــەم، بۆ ئەمە تاکە چارەســـەر ئەوەم دانا کەلەلای خۆمان ژنێك هەبـــوو زۆر پاکوخاوێن بوو لەهەمان کاتدا باری ئابوورییان زۆر خراپ بوو، بیرم لەوەکردەوە ئەگەر پێـــی بڵێم بتوانێت هاوکاریم بـــکات لەکاروباریماڵەوەدا، ئەوا لەبەرامبەردا هاوکارییەکی باشی ماددی دەکەم، پرســـم بەهاوسەرەکەم کرد گوتی ئارەزووی خۆتـــە ئەگەر متمانـــەی تەواوەتیت پێـــی هەیە خراپ نیە.(بەهار) دەڵێت: بۆ رۆژی دوایی کـــە چوومەوە بۆ دەوام بـــەو ژنەم گوت ئەگەر بتوانیـــت هاوکاریم بکەیت زۆر مەمنونت دەبم، ئەویش زۆری پێ خۆش بوو وتی:بەهارخان ئەی بۆنا، ئامـــادەم بەهەموو جۆرێك هاوکاریت بکەم، بەم وەڵامەی تەواو دڵخۆش بووم و تەواوی کارەکانم پێی گوت لەگەڵ ئەو کاتانەی کە چۆن


کۆمەڵایەتی
گوڵان
ژمارە (٧٣١)
٢٠٠٩/٥/٤

بێتەماڵەوە.

## سەرەتای گرفتەکان

ئەو ژنە دوای نیوەڕوان دەچووە ماڵەوە هەمووکارەکانی بۆ دەکردم تەنانەت خواردنیشی بۆ حازر دەکرین، من و عەلی زۆر لێی رازی بووین، بەمەش کەمێك لەکاتەکانم بۆ گەڕایەوە وتوانیم لانی کەم خواستەکانی (عەلی) جێبەجێ بکەم. ئەم ژنە بۆماوەی (٧) مانگ بەم شێوەیە کاری بۆ کردین، بەڵام بەهۆی خراپی باری تەندروستی و تەمەنی زۆرەوە، ئەم ژنە نەیتوانی بەردەوام بێت لەدەوامکردن لەفەرمانگە داوای خانەنشینی کردوو، هەروەها بەمنیشی گوت ناتوانم بێم بۆ ماڵتان بەڵام ئەگەر قبوڵی بکەیت لەجیاتی خۆم کچەکەم دەنێرم تا کارەکانت بۆ بکات، تۆزێك رامام و وەڵامم نەدایەوە، گوتی چییە (بەهارخان) بۆ بێدەنگ بوویت ئەگەر پێت خۆش نییە، نایینێرم، وتم باجی گیان بۆنا زۆر مەمنونیش دەبم.

رێکەوت وای دانا کە دوو یان سێ رۆژ سەمیرە هات بۆ ماڵمان کەلەلایەن بەرێوەبەری فەرمانگەکەوە پێی راگەیاندم کەلەم ماوەیەدا (ئیفاد) دەکرێیت بۆ دەرەوەی وڵات و لەوانەیە مانگێکی پێنەچێت کارەکانتان تەواو بکرێت و سەفەربکەیت.

رۆژانە کە دەهاتمەوە ماڵەکەم پاکوخاوێن بوو (سەمیرە)بەهەمان شێوەی دایکی تەنانەت خواردنیشی بۆ حازر دەکردم، بەڵام ئەوەی کە ببووە جێگەی گومان و سەرسوڕمانم ئەوەبوو (عەلی) پێش من دەهاتەوە، من ئەمەم پێ خۆش نەبوو، نەشدەکرا هەروا بەزوویی بیدرکێنم بۆیە هەڵمگرت تاکاتی خۆی دێت!.

(سمیرە) زۆر گرنگی بەماڵەکەم دەدا و بەتایبەتیش گرنگی دەدا بە (عەلی) بێ ئەوەی لەسەرەتادا هۆکارەکەی بزانم،بەم گرنگیدانەی سەمیرە وردە وردە (عەلی)یش مەیلی بەرەو لای سەمیرە دروست کرد تا کار گەیشتە ئەوەی (سەمیرە) لەنان خواردنیشدا لەگەڵمان دادەنیشت و هاوبەشی دەکردین، ئەم رەفتارانەی سەمیرە جێگەی سەرسوڕمان بوو، دەبێت لەم کاتانەدا مرۆڤ بێ دەنگی هەڵبژێرێت تا دەزانیت چی روو دەدات.؟

عەلی کە پێشتر کەسێکی ئەوەندە داخراو بوو بەلامەوە سەیر بوو کە لەگەڵ سەمیرەدا کەسێکی وا کراوە و قسەخۆشە، تاکار گەیشتە ئەوەی لەدوای نان خواردنیش پێکەوە دادەنیشتن گفتوگۆیان دەکرد، رۆژانە سەمیرە تا کاتژمێر (٢)دەڕواتەوە، بەڵام لەم کۆتاییەدا تا سەعات (٤) درەنگتریش دەمایەوە، بۆیە رۆژێك خۆم پێم گوت کە دەتوانیت کاتژمێر(٢) بڕۆیتەوە و خۆم کارەکانی تر دەکەم. سەمیرە بەبایەخەوە کاری ماڵی دەکرد بەتایبەتی جلەکانی (عەلی) ئوتو دەکرد و بۆنی پێدا دەکرد. ئەم گومان و رق خواردنەوەیە ناچاری کردم لەلای عەلی باسی بکەم، گوتی: نا بەهار بێگومان بە چونکە سەمیرە خۆی کچێکی رێکوپێك و پاکوخاوێنە لەوە بەدەر هیچی تر نییە. منیش بەم قسانە تارادەیەك باوەڕم کرد، بەرهەحاڵ دوو سێ رۆژ مێشکی خۆمم ساف کرد، تاسەفەرەکەم کرد بۆ دەرەوەی وڵات، هەموو شتێك تارادەیەك ئاسایی بوو، بەڵام ئەوەی کە هەموو ژیانمی گۆڕی ژنێکی دراوسێمان بوو، ئەویش کاتێك کە رۆژێك بۆ پێداویستییەك هات بۆ ماڵمان و پێی گوتم بەهارگیان تۆ ئاگاداری ماڵی خۆتیت کاتێك لەماڵ نیت؟ مەبەستم ئەو کچەیە کە لەماڵی تۆدا کاردەکات؟ گوتم تێناگەم بۆچی ئەو کچە چی کردووە؟ گوتی لە کاتێکدا کە لەماڵ نابیت کوڕێك دێت بۆ ماڵتان و تا ئەو کاتەی ئێوە دێنەوە لەوێ دەبێت و دواتر دەڕوات خوا دەزانێ خەریکی چین؟ گوتم یەعنی چی خەڵك دێنێتە ماڵی من لەکاتێکدا من بەهۆی دایکیەوە متمانەم پێیکردووە و تەواوی ماڵەکەم داوەتە دەستی ئێستاش ئەو بەم شێوەیە رەفتار دەکات، بەراستی نەمدەزانی چی بکەم و چۆن ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکەمەوە و بزانم راستە یان نا، چاوەڕێم کرد تا ئێوارە هاوسەرەکەم هاتەوە و پێم راگەیاند، عەلی گوتی: ژنەکە خۆت بەو مەسەلانەوە خەریك مەکە تۆ ژنێکی رۆشنبیریت و خاوەن بڕوانامەیت باوەڕ بە ژنە دراوسێ مەکە، بیرم کردەوە خۆم ئەم راستییە تاقی بکەمەوە بۆ رۆژی دوایی لەناوەڕاستی دەوامدا مۆڵەتم وەرگرت و گەڕامەوە بۆ ماڵەوە، کاتێك کە هاتمەوە بینیم دەرگای ماڵ داخراوە و کەس لەماڵەوە نییە، بەڵام کاتژمێر بوو بە ١٢ی نیوەڕۆ دەرگای دەرەوە کرایەوە بینیم هاوسەرەکەم بوو هاتەوە بەدوای ئەویشدا سەمیرە خۆی کرد بەژووردا، زۆر سەیر بوو بەلامەوە گوتم خێرە هەردووکتان بەیەکەوە هاتوونەتەوە، ئەی سەمیرە بۆچی ماڵت بەجێهێشتووە؟ سەمیرە زۆر پەشۆکاو گوتی: بەخوا بەهارخان بەکارێك چوومەتە دەرەوە، بەبێ ئەوەی پرسیار لەعەلی بکەم وەڵام و گوتی: لەگەڵ مندا هاتۆتە دەرەوە بۆچی دەپرسیت؟ ئیتر لەمەوە لەگەڵ عەلیدا لێمانبوو بەناخۆشی و سەمیرەم دەرکرد، لەدوای دەرکردنی سەمیرە (عەلی) پەلاماریدام و زۆری لێدام هەرچەند هاوارم کرد و لێی پاڕامەوە بێ سود بوو، رامکردە حەوشەکەی خۆمان هەربێ سود بوو منیش پەلاماری دەبە نەوتەکەم داو بەخۆمدا کرد لەو کاتەدا ماڵە دراوسێکانمان فریام کەوتن و نەیانهێشت خۆم بسوتێنم، لەدوای ئەوەی کە خەڵکەکە رۆیشتنە دەرەوە عەلی پێی وتم بەهار باپێت بڵێم راستە من و تۆ خزمین بەڵام جوانی سەمیرە زۆر سەرنجی راکێشاوم و کاریگەری زۆری لەسەرم هەبووە هەر ئەمە وای لێکردم کە بۆ چەندین جار مومارەسەی جنس بکەین بۆیە ئەمەشت پێدەڵێم بۆئەوەی خەڵك پێت نەڵێت. بێگومان هەرکەسێکی تر لەشوێنی من بێت ئەمەی پێ بگوترێت دەبێت هەڵوێستی چۆن بێت؟ چووم بۆ ماڵی باوکم و دواتریش کەسوکاری خۆمم ئاگادارکردەوە بۆچونی ماڵەوەمان ئەوەبوو کە من و عەلی لەیەکتر جیاببینەوە چونکە عەلی خیانەتی زەوجی لێکردووم، راستە من و عەلی زۆر یەکترمان خۆش دەویست و رێزی یەکترمان دەگرت بەڵام سەمیرە زۆر لێزانانە سەرنجی عەلی بۆلای خۆی راکێشابوو، ئەم رەفتارەی سەمیرە تەواو ژیانی منی وێران کردو نەیهێشت بەهەشتی ژیانم لەگەڵ (عەلی)دا بەردەوام بێت، لەکاتێکدا هەڵەی خۆم بوو کە نەمتوانی گرنگی بەهاوسەرەکەم بدەم وەك پێویست جگەلەوەی کە سەمیرە دەستی لەگەڵ کوڕێکدا تێکەڵ کردبوو کە بەحساب پێشتر پەیوەندی خۆشەویستیان لەنێوانیاندا هەبووە. لەوە تێناگەم لەکاتێکدا عەلی ئەم راستییەی دەزانی چۆن سەمیرەی پەسەند کرد؟ من لەدوایدا بڕیارمدا لە عەلی جیاببمەوە.

**تویژەرێکی کۆمەڵایەتی: ناکرێ بڵێین هەموو هەڵەکان هەڵەی (بەهار)ن بەڵام خۆی فاکتەری سەرەکی ئەو چارەنووسەیە، دەکرا بەشێوەیەکی دیکە هەڵسوکەوتی بکردایە تا نەگەیشتایە ئەو ئەنجامە تاڵە**

### دەرئەنجام

**بۆ ئەم مەبەستە خاتوو(رێزان عەبدوڵا)ی توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: کاتێك رووداوێکی لەوجۆرە دەبیستم بەلامەوە سەیرە، کە چۆن کەسێکی ئاوا بەبێ ئاگا توشی ئەم هەموو دەردەسەرییە بووە لەکاتێکدا خاوەن بڕوانامەیە و کەسێکی لێهاتوو، یەکێکی وەك بەهار دەبینین رووبەرووی ئەم ژیانە بۆتەوە ناتوانین بڵێین هەموو هەڵەکان هی بەهار خۆی بووە، بەڵام خۆی فاکتەری دروست بوونی ئەم چارەنووسە بووە چونکە نابێت هەروا بەسانایی باوەڕ بەکەسانی دەوروبەر بکەیت و تێکەڵ بەماڵەوەشی بکەیت، بەتایبەت ئەگەر بزانیت ئەوەی بەتەنیا لەماوە کارت بۆ دەکات کچێکی گەنج و جوانە و هاوسەرەکەشی بەهەمان شێوەیە بێگومان مرۆڤ لەم حاڵاتانەدا ئەگەر کەسێکی خۆڕاگر نەبێت توشی هەڵە دەبێت، دەکرا بەهار بەشێوەیەکی هێمنتر چارەسەری بکردایە نەك بەو شێوە هەڵبچوبایەو رەفتاری کردبایە، چونکە لەبەرژەوەندی ئەودا نەبوو هەروەك ئەنجامەکەمان بیست.**



# بۆچی نەزیرە دووجار تەڵاق درا؟

بەبیستنی بڕیارەکەی دادگا چاوی بڕبوو لەئاو، دوو دڵۆپە فرمێسک بەچاویدا هاتە خوار، مێردەکەشی بەتیلەی چاو تەماشای دەکرد

نەزیرە کە لەبەردەم دادگا وەستابوو، ئامادەی گوێگرتن بوو لەبڕیاری دادوەر بۆ دەرکردنی بڕیاری کۆتایی سەبارەت بەکێشەکەی کە دادوەر بڕیاریدا بەلێکجیاکردنەوەی هەریەك لە (نەزیرە تەحسین) و مێردەکەی (هێمن ئیدریس) چاوی پڕ ئاو بوو، دوو دڵۆپە فرمێسك بەچاویدا هاتە خوارەوە بەکلینکسەکەی دەستی چاوی سڕییەوە، هێمنی مێردیشی بەتیلەی چاو تەماشایەکی کرد و سەرێکی راوەشاند و چ قسەی نەکرد، پاش ئەوەی هەر دوولا گوێیان لە بڕیاری کۆتایی دادگا کرد، ئیمزایان لەسەر کۆنووسی دادبینییەکە کردوو، هاتنە دەرەوە، لەرارەوەکە کە تۆزێك قەرەباڵغ بوو بەو کەسانەی کە ئەوانیش کێشەیان هەبوو لەبەردەم دادگاو چاوەڕێی هاتنی نۆبەتیان بوو، نەزیرە بەدەنگێکی قورگ نوساو بە هێمنی گوت: خوا بکات تۆڵەی منت لێبکاتەوە ماڵت لیَ کاول بێت، هەی درۆزنی سەختەچی..دوای ئەو قسەیە ملی رێگەی گرت و رۆیشت...

هێمنیش کە نەزیرە بەدەم رۆیشتنەوە بوو پێی گوت: برۆ هەی دوو مێردکەر، بزانە ئەو جارە سەری کێ لە قوڕ دەکەی، هەردووکیان دوای قسەکانیان کە توڕە و نیگەران و دڵپڕ دیار بوون، رارەوە گشتیەکەی دادگایان بەجێهێشت و هەر کەسەو بەرەو چارەنووس خۆی رۆیشت.

سروشتی کێشەکەو دڵپڕ قینی و توڕەییان وایلێکردین بەدوای زانینی ناوەڕۆکی ئەو داواییەدا بچین و وردەکارییەکانی بزانین، ئەوە بوو چووینە لای توێژەری کۆمەڵایەتی دادگاو کێشەی دوو کەسەکەمان باس کرد، ئەویش هەندێ پرسیاری لێکردین کە کەی

داواکە تەواو بووە و ناویان و دادوەر بەچ ناوێك بانگیانـــی کرد، ئینجا دۆســـییەکەیان هێناو توێژەرەکە سەر لەبەری کێشەکەی بە پوختی بۆ بـــاس کردین و گوتی:ئـــەو ژنە کەناوی نەزیرەیە، ژنێکی ٣١ساڵەیەو ئەمە دووەمین مێردیەتی لەگـــەڵ مێردی دووەمی کەناوی هێمنـــە، ماوەی پتر لەشـــەش مانگ دەبێ کێشـــەیان هەبووەو دواجار کە نەگەیشتونەتە یـــەك داوای جیابوونـــەوەی لێکـــردووە و کابراش هەر لەدانیشـــتنی سێیەمی دا لەسەر داواکارییەکانی رازی بووە، بۆ خۆی کە من قســـەم لەگەڵی کردو دادگا ناردیە لای ئێمە وەك توێژەری کۆمەلایەتی هەولی دیاریکردنی گرفـــت و ناکۆکییەکانیـــان بدەین و پاشـــان ئەگەر پێمان بکرێت بۆیان چارەســـەر بکەین و بیانگونجێنین و وابکەین بچنەوە لای یەك و بچنەوە ژێر رەشماڵی ژیانی هاوسەرێتیان، بەڵام زۆرم لەگەڵ هەردووکیاندا، بێ ســـوود بـــوو، هەردوولا دژ بەیەك بـــوون، بەتایبەتی پیاوەکەی کـــە دیار بوو لاوازی و بارودۆخی ژنەکـــەی دەقۆزتەوە بۆ ئـــەوەی بچێتە ژێر رکێفی مەرجەکانی، با ســـەرەتا پێشینەیەکی ژنەکەت بۆ بخوێنمەوە کە لێرە بەدۆسیەکەی تۆمارمان کردووە و بزانی بارودۆخی ئەو ژنە چۆن بووەو بۆچی دوو مێـــردی کردووەو لە هەردووکیشیاندا سەرنەکەوتووە، گوێ بگرە، بزانە خۆی چی گوتـــووە، نەزیرە لەوەڵامی ئێمە کە پرســـیارمان لێکـــردووە بۆچی دوو مێردت کردوەو لە هی یەکمیشـــدا سەرکەوتوو نەبووی و چۆن مێـــردت بەو پیاوەکردووە کە مێردی دوومتە؟ ئەویش دەڵێ: ئێمە چوارسەر خێـــزان بووین، دایکم و باوکم و من و برایەکم بوویـــن، من لەبراکـــەم گەورەتر بـــووم، ئەو گەیشتە تەمەنی ١٩ ســـاڵی باوکم ژنی بۆ هێنا، بـــەڵام دوای تەنها ٤٠ رۆژ ژنهێنانی لەکاتی کارکردندا، کە وەستای سپیکاری بوو، لەسەر خانوویەك بلۆکی بەســـەردا بەربۆوەو دەمودەســـت مرد، پاش دوومانگان ژنەکەشی مێـــردی کردەوەو دەســـتی بەیکجاری لێمیان بەربوو دوای ئەو رووداوە باوکم زۆر خەفتبارو دڵتەنگ بوو، رۆژێك لەپڕ لەســـەر بەرماڵی نوێژکردن بوو، کە بەسەردەمدا بەربۆوە و هەر ئەو دەمی مـــرد، لەخێزانەکەمان تەنهامن و دایکم ماینەوە، ئێمـــەش بەنانکردن بۆ ماڵان خۆمان بەخێو دەکردو بەڕێوە دەبرد، ژیانێکی مەمرەو مەژیمان هەبوو، تەمەنم گەیشتە ٢٣ساڵی ئینجا مێردم کرد، خەڵکی زۆر دەهاتنە خوازبێنمیم بەلامن لەبەر دایکم رازی نەدەبووم، نەمدەویســـت دایکم جێ بهێڵم، تا کابرایەکی خاوەن دوکان هاتە خوازبێنم کە ٧ ساڵێك لەمن گەورەتـــر بوو، ئەو کابرایـــە کەدەوڵەمەندیش بوو، نازانم بۆچی هەر لەیەکەم رۆژی هاتنە خوازبێنیمـــەوە دڵم گرتی، کە هاتە خوازبێنیم نزیکەی ٣٠ ســـاڵێك دەبـــوو، پیاوێکی زۆر بەڕێز و نەرم ونیان بوو، تابڵێی لەســـەر خۆو قسە شـــیرین بوو، گوتی: من خانووی خۆم هەیـــە و کارو کاســـبیم زۆر باشـــە، دایك و خوشـــکم هەیەو لەخانووی خۆیانن و باوکیشم کۆچی دوای کردووە، ئامادەم دایکیشت بێنمە لای خۆمان وحەزت کرد خانووە کەشت بەناو دەکەم، ئەم پیاوە ناوی کەمال بوو، زۆر لەمنی پرسی بوو، منی زۆر بەدڵ بوو، ترسی ئەوەش زۆر بوو کـــە زانیبووی من داخوازیکەرم زۆر رەتکردۆتـــەوە ئەکیـــش رەتکەمـــەوە، بەڵام گوتبووی رەتیشـــم بکاتەوە، من هەر بەردەوام دەبم تا رازی دەبێ، لەبەرئەوە زانیبووی تەنها خۆم و دایکمـــم، بۆیە پێی گوتین کە دایکم بەدایکی خۆی دادەنێت و ئامادەیە بەبێ منەت بەخێوی بکات، ئیتر دوای چەند جارێکی تر هاتوچۆکردنی کەسوکاری منیش و دایکیشم رازی بوویـــن، مێردم بەکەمال کرد و نزیکەی پێنج ساڵان ژیانێکی ئەو پەڕی خۆشی ژن و مێردایەتمیان بەسەر برد، مێردەکەم خانوویەکی بچکۆلـــەی تری کڕی و گوتـــی ئەوەم بۆ دابینکـــردی دوا رۆژت کڕیوە، بۆیە بەناوی تۆی دەکەم، بەڵام بەماڵی دایکم پێی نەزانن، بـــە هەرحـــاڵ لەماوەی ئەو چەند ســـاڵەی ژن ومێردایەتیمان هیـــچ منداڵێکمان نەبوو، هاتووچۆی زۆر پزیشـــکمان کرد، دەرچووا کـــە ئەو منداڵی نابێ من هیچ کێشـــەیەکم لەلەشدا نییە، مێردەکەم بەو شتە زۆر ئازاری دەخوارد، حـــەزی دەکرد منداڵمـــان ببوایە، بەڵام قەت رۆژێك لەرۆژانیش لەســـەر ئەمە نەمان کردبووە کێشـــە یان نەبووە کێشەمان، لەبەدبەختی من ئەو مێردەم تووشی نەخۆشی شـــێر پەنجەی مێشـــك هات و دوای کەمتر لەمانگێـــك ئەمری خوای کرد، پاش مردنی مێردم، کەســـوکاری ئـــەو بەهەموو جۆرێك ململانێی مـــن و دایکمیان دەکرد بۆ ئەوەی لەخانووەکە دەرمان بکـــەن، ئیتر لەدژایەتی کردنمان نەوەستان تاوەکو توانیویان خانووەکە بفرۆشـــن کە خانووەکە فرۆشـــرا بەشی خۆم وەك ژنی ئـــەو لەمیراتەکە وەرگرت و من و دایکم چووینە ئـــەو خانووە بچکۆلەیەی کە بۆی کڕیبووم و بەناوی کردبووم، لەو خانووە ماینـــەوەو خەرکی خۆ ژیانـــدن بووین، ئەوە بـــوو لەپاش ئەم مێردەم بڕیارمدا چیتر مێرد نەکەمەوە، بەڵام دوای چەند ســـاڵێك مانەوە بەبێوەژنێتی، دایکم هەمیشە پێی دەگوتم کچم بۆخۆت مێرد بکەیەوە باشترە، ئەوەبوو رۆژێك دایکم نەخۆش کەوت و بردمە نەخۆشـــخانە لەوێ کارمەندێکی نەخۆشخانە نەمناسی و زۆر هاوکاری کردین، نەخۆشییەکەی دایکم وابوو دەبوو ناوە ناوە سەردانی



**ژنەکە پێی گوتم ئەرێ تۆ شەرم ناکەی پیاوی منت لە خشتە بردووە، قەت بیرت لەوە نەکردۆتەوە مێرد بە پیاوێک دەکەی خاوەن کۆمەڵێک منداڵەو بەرپرسیارییەتی خێزانێکی لەسەر شانە؟**



# پیاوێکی کوژراو و بزربوونی بکوژی

## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

لێرەوە کێشە بۆ دادگای لێکۆڵینەوە و دادگای تاوانەکان پەیدابوو، چونکە گومان لەسەر بکوژی راستەقینە دروست بوو

ئا: باوکی میدیا


نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین بوو(وریا) لە ناو دوکانەکەی لەگەڵ ئەو کڕیارەی کە هاتبووە دوکانەکەی راوەستابوو مامەڵەی دەکرد لە پڕ لەگەڵ زیرەی دەنگی ستۆپی ئۆتۆمبێلێك راچەنی، بێ ئەوەی هۆیەك هەبێ ناچاری بکات بزانێ چییە، لە ناخەوە شتێك پاڵی پێوەنا بەدەم سەرچاوەی دەنگەکە بچێتە دەرەوە لەسەر شۆستەکەی بەردەم دوکانەکەی راوەستاو سەیرێکی ئەملا و ئەولای خۆی کرد، کە ئاوڕی لای راستەی دایەوە، بەبێ ویستی خۆی چاوی زەق بۆوە و سپی هەڵگەڕا، خەریکبوو بڕیار بدات ئایا رابکات یان بچێتە ناو دوکانەکەی و خۆی لە پشت ئەو کڕیارەوە بشارێتەوە کە هاتبوو کەلوپەلی یەدەگی ئۆتۆمبێلی لێ بکڕێت.

یەك دوو چرکە تێپەڕی و ئەو هەر نەیتوانی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات، ئەوەبوو دواجار بڕیاریدا بەلای چەپدا رابکات، ئینجا بۆ کوێ دەچێ و چارەنووسی بەچی دەگات و دەگاتە کوێ، ئەوە خۆی تەسلیمی قەدەر کردبوو، جا کە خۆی سوڕاند و بەلای چەپدا بایدایەوە و سەری بڵندکرد هێندەی دیکە زارەترەك بوو، لێوەکانی کەوتە لەرزین و بەیەکجاری قەدەمی شکا.

ئەوەی لای راستی دوژمنێکی بوو، ئەوەی چەپیشی دوژمنێکی تری بوو، بۆ بەدبەختی کابرا، هەردوولا چەکی کلاشینکۆفیان پێ بوو و پێکەوە لەیەك کاتدا یەکی چەند فیشەکێکیان تێگرت و دەموودەست بەریاندایەوە، دوژمنەکانی یەکتریان نەدەناسی و هەردووکیشیان کە پێکەوە بێ ئەوەی یەکدی بناسن و بزانن و ئاگایان لەیەك بێ و بەبێ ویست و نەخشەی پێشووەخت تەقەیان لە(وریا) کرد،ئەوانیش سەریان لەم رێکەوتە سەیرە سوورڕمابوو،(وریا) گوللەیەکی بەزگی و یەکێکی تری بە رانی و ئەویتری بەسەری کەوتبوو، ئەو گوللەیەی کە بەسەری کەوتبوو وریای کوشتبوو...

### دادگاییەکی قورس و بەزەحمەت

ئەمانە ئەو شاهیدیە بوو کە(دلاوەر) لەبەردەم دادگای تاوانەکان دایبووی(دلاوەر) ئەو رۆژە بەرێککەوت لە ناو دوکانەکەی(وریا)دا دەبێ بەمەبەستی کڕینی کەلوپەلی یەدەگی ئۆتۆمبێل(دلاوەر) لەوەڵامی پرسیارەکانی دادگا دا، ئەوەی روونکردەوە کە نازانێ ئەوانەی(وریا)یان کوشت چی (وریا) بوون و بۆچی کوشتیان؟ بەڵام ساتەکانی رووداوەکەی بە جوانی لەبیرە و لە پێش چاوی خۆی روویدا و کەسەکانیش زۆر



# راستەقینە !!

باش دەناسێتەوە... گوفتارەکانی (دلاوەر) بۆ دادگا زۆر بە سوود و جێی بڕوا بوون، هەر ئەو رۆژ بە بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوە لاشەکەی بردرابوو بۆ پزیشکی دادی تا لەوێ پشکنینی لاشەی بۆ بکرێت و ژمارەی تەقەکان و شوێنی تەقەکان بزاندرێت ، دوای لێکۆڵینەوەی چڕوپڕ دەزگاکانی لێکۆڵینەوە دەتوانن هەردوو تاوانبار دەستگیر بکەن، لە کاتی لێکۆڵینەوە دا هەردووکیان دان بە تاوانەکانیان دەنێن و دان دەنێن بەوەی کە تەقەیان لە(وریا) کردووە ، بەڵام هەردووکیشیان نکۆڵیان دەکرد لەوەی کە بە گوللەی ئەو(وریا) مردبێ، کێشەکە لێرەوە بۆ هەردوو دادگای لێکۆڵینەوە و دواتریش دادگای تاوانەکان پەیدابوو، چونکە گومان لەسەر بکوژی راستەقینە دروستبوو.

## هۆی کوشتنی (وریا) چی بوو؟

یەکێ لەو پرسیارانەی کە داواکاری گشتی لە هەردوو تاوانبار (بەختیار و مەجید)ی کرد ئەوەبوو هۆی راستەقینەی ئەو تاوانەیان چی بوو، یەکەم جار پرسیارەکە لە(بەختیار) کرا و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی دایەوە و گوتی: چەند ساڵێك پێش ئێستا (بەختیار) پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ خوشکێکم هەبوو باوکم پێی زانی، بە ئێمەی گوت با کار لەکار نەترازێ دوورکەوێتەوە و واز لەم مەسەلەیە بێنێ، کە چی ئەو دوای ماوەیەك لە جیاتی ئەوەی واز لەو کردارەی بێنێ، لە شەوێکدا بەنهێنی خوشکەکەمی هەڵگرت و رۆیشت، پاش دوو مانگان هەواڵی بۆ ناردین و گوتبووی (ئەوا من لوتی هەمووتانم شکاند و ئینجا ئێوەش قەت کچەکەتان بەمن مەدەن، ) بە مەلایەك مارەی کردبوو، ئێمەش ماوەیەك لێیگەڕاین تا هەردووکیان بکوژین، بەڵام بەردەستمان نەدەکەوتن، ئەوەبوو رۆژێك برایەکەم دۆزیبوویانەوە و تەقەی لێکردبوون، بەڵام هیچ کامیان بەرنەکەوتن، دوای ماوەیەك ماڵمان دۆزییەوە و تەقەمان لێکردن خوشکەکەمان گوللەیەك بەسەر دڵی کەوتبوو یەکسەر پێی مردبوو، بەخۆشی تەنیا گوللەیەك بە قاچی کەوتبوو، ئیدی دوای ئەم رووداوە باوکم گوتی: وازی لێبێنن بەڵام ئێمە سوێندمان خوارد کە وازی لێنەهێنین و بیکوژین، پاش ئەوەی چەند ساڵێك خۆی ون کرد کە ئێمە و ئەوانیش پێش راکردنی ماڵمان لە شارۆچکەیەك بوو، ئەو هاتبووە شار و لە سوچێکدا بە دزییەوە کاری دەکرد، هەر بەدواوەی بووین تا شوێنەکەیمان زانی، ئێمە کە تەقەمان لێکردووە ئەوە هۆیەکەی و ئەوەش ئامانجەکەی بوو.

## دانپیانانی تاوانباری دووەم

تاوانباری دووەم(مەجید) یش بەمشێوەیە هۆی تەقەکردنی لە (وریا) لەبەردەم دادگادا خستەروو و گوتی: خوشکی ئەو خێزانی من بووە، یەك دووجار لەگەڵ خێزانەکەم کێشەمان لەسەر منداڵ لێ پەیدابوو، ژنەکەم منداڵی نەدەبوو، بۆیە من بە خێزانم گوت: لێمگەڕێ با ژنێکی تر بهێنم و منداڵێك، دوانمان ببێت، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەك رازی نەبوو، لەسەر ئەوە بووە شەڕ و ناخۆشی کەوتە نێوانمانەوە، ئەوەبوو ئەویش زیزبوو چووە ماڵی براکەی کە(وریا) بوو، چونکە باوکی نەمابوو ماوەیەك لەلای مایەوە، منیش بەهۆی قسەی دایکم و کەسوکارم بڕیارمدا ئاشتی بکەمەوە و جارێکی تر مەسەلەی هێنانی ژنێکی تر نەکەمەوە، بۆ ئەم مەبەستە پیاوماقووڵ و کەسووکارم نارد بەڵکو ژنەکەم بگەڕێننەوە گوتم لەسەر دەستی ئەو کەسانەی کە شایەتن بەڵێن دەدەم جارێکی تر نە باسی ژنهێنان و نە منداڵیش بکەمەوە، ئەوم خۆشدەوێت و بە هەموو شتێکی ئەو رازیم، سەرەتا ژنەکەشم و(وریا)ی براشی رازی نەدەبوون، بەڵام دواتر ژنەکەم رازی بوو بگەڕێتەوە لام بەڵام( وریا ) نەیدەهێشت، بەمجۆرە رۆژ بەرۆژ نێوانمان ناخۆش دەبوو، تاوەکو گەیشتینە ئەو رادەیەی ژنەکەم بچێتە دادگا و شکایەتم لێبکات، لەگەڵ شکایەت لێکردنەکەم سێ رۆژ بەندکردام، کە بەندکرا، ژنەکەمم لە پێش چاو کەوت، ئەویش دوای ئازادبوونم چووە دادگای باری کەسی و داوای جیابوونەوەی لێکردم، ئەمانە هەمووی بە فیتی (وریا)ی برای بوو، ئیتر منیش سوێندم خوارد گوتم: مادام گەیشتە ئەو رادەیە بەڵێن بێت وریا بکوژم، جا لەبەر ئەوەی (وریا) شوێنی کارکردن و ماڵیشی زوو زوو دەگۆڕی، بۆیە بە ئاسانی بە بەردەستم نەدەکەوت، ئیتر لە دوای بووم تا شوێنی کارکردنم دۆزیەوە، کە زانیم لە کوێن نیوەڕۆیەك بەخۆو بەکلاشینکۆ فەوە خۆم گەیاندێ و تەقەم لێی کرد، لەو وەختەی کە تەقەم لێی کرد کابرایەکی دیکەش تەقەی لێکرد، بەڵام(وریا) بە گوللەی من نەکوژرا.

## کامەیان بکوژی راستەقینەیە؟

چەندی دادگا بەڵگەکانی لێکۆڵینەوەی هەڵسەنگاند و چەندی هێنا و برد، هەر نەزانرا بە گوللەی کامەیان(وریا) کوژراوە چونکە هەردووکیان نکۆڵیان کرد لەوەی کە بە گوللەی ئەو کوژرابێ، لەلایەکی تریشەوە ، چەکی هەردووکیان بە فیشەکەوە وەکو یەك بوون، هەردووکیشیان لەیەك کاتدا گوللەیان لێیداوە.بۆیە دادگا گەیشتە ئەو بڕیارە کە بکوژی راستەقینە دیار نییە و هەردوو تاوانبار(بەختیار و مەجید) بە تاوانی کوشتن تاوانبار کران و یەکی (١٠) ساڵ حوکمدران.

**لە هەردوو حاڵەتەکەدا(وریا) خەتابارە چونکە هیچ کات کێشەی خۆشەویستی و خێزانی بەو شێوەیە چارەسەر ناکرێ، ئەو دەبووایە رێگە بە خوشکەکەی بدات بچێتەوە لای مێردەکەی و رێگەچارەیەکی گونجاوتریش. بۆ مەسەلەی خۆی بدۆزێتەوە، هاوکات دوژمندارەکانیش رێگەیەکی هەڵەتریان گرتەبەر کاتێک ویستیان لە رێگەی کوشتنەوە سزای بدەن**



# میهرەبانی (میهرەبان) منداڵێک لەسەرگەردانی رزگار دەکات

لەرێگەی هەڵەبجەدا بەهۆی خێرا لێخوڕینەوە ئۆتۆمبێلەکەمان وەرگەڕا، من باری تەندروستیم تەواو تێکچوو، قاچێکم شکاو تووشی فەقەرات بووم

ئا: ناسك سەعید- سلێمانی

روانینی مرۆڤ بۆ دەستەبەرکردنی ئایندەی خۆی بەردەوام روانینەکانی رەهەندی جیاواز لەخۆدەگرن، بەتایبەت دروستکردنی پێگەیەك بۆ ئاسودەبوونی، ئەو پێگەیەش بۆ رەگەزی مێ سەخترە بەتایبەت لەکۆمەڵگەی کوردیدا، بێگومان ئەمەش لەبێ متمانەیی و ترسەوە دروست دەبێت. لەرێکەوتنێکدا ئەگەر ئەو دوو رەگەزە یەکتر بناسن،رەگەزی مێ قورستر وەریدەگرێت تا رەگەزی نێر.لەچارەنوسی ژیانی (میهرەبان)دا دەبینین کە رێکەوت بۆ ئەم رێکەوتێکی باش بووە بەڵام چارەنوسی ژیان چەندین نهێنی لەخۆیدا حەشار دابوو وەك خۆی بۆمان باس دەکات، هەمیشە ئافرەت لەگێڕانەوەی ژیانیدا وردتر باس دەکات ئارەزووش دەکات بە نهێنی ژیان کەسانی دەوروبەریش زیاتر ئاشنا بێ، ئەمەش لەروانگەی دەروونناسییەوە بەکارێکی پۆزەتیڤ دادەنرێت، میهرەبان دەڵێت:

ناسینی من و رزگار دەتوانم بڵێم ناسینێکی رێکەوت و لەهەمان کاتدا خۆشەویستیش بووە، لەبەرئەوەی من فەرمانبەربووم لەیەکێك لەفەرمانگەکان و رۆژانە نەمدەتوانی لەکاتی دیاریکراودا لەفەرمانگەکەمان ئامادەبم، ئەمە تەنها کێشەی من نەبوو، زۆربەی کچە فەرمانبەرەکانی تر هەمان گرفتیان هەبوو، رۆژێك لە فەرمانگە دانیشت بووین بیرمان لەوە دەکردەوە کە تەکسییەك بگرین بۆ هاتووچۆکردنی خۆمان، بۆ ئەمەش بڕیارماندا هەریەك لەلای خۆیەوە هەوڵبدات شۆفێرێکی باش و رێکوپێك پەیدا بکات. پاش تێپەڕبوونی دوو رۆژ بەسەر ئەم مەسەلەیەدا (تریفە)ی هاوڕێمان شۆفێرێکی تەکسی کە رۆژانە لەنزیك ماڵی خۆیانەوە دەوەستا پەیداکردوو پێی گوتین کە کەسێکی باشی دۆزیوەتەوە و دەتوانێت هاتووچۆمان پێ بکات و هەموو رۆژێك لەکاتی دیاری کراودا بمانگەیەنێتە فەرمانگەو بەهەمان شێوەش لەکاتی تەواوبوونی دەوامدا بمانباتەوە بۆ ماڵەوە.

تریفە پێی گوتین بۆ کارئاسانی هاتوچۆکردنمان بەیانیان لەپێش هەموماندا (رزگار) دەچێت بەشوێنی (میهرەبان)داو دواتر دێت بەشوێن ئێمەدا. بۆ رۆژی یەکەم کاتژمێر(٨:٠٠) بوو کە (رزگار) هات بەشوێنمدا و چووین بۆ دەوام. ئەم هاتووچۆیە بەردەوام بوو رۆژانە لەدوای هەموویان من دەگەیشتمە ماڵەوە ئەم حاڵەتەش رێکەوتێکی باش بوو بۆئەوەی زیاتر فرسەت بە من و رزگار بدات تا زیاتر بەیەکەوە قسە بکەین و یەکتر بناسین. رزگار رۆژانە چەندین پرسیاری تایبەتی لێدەکردم تا زیاتر لێم نزیك بێتەوە، منیش نکۆڵی لەوە ناکەم کە رزگارم بەدڵ نەبووبێت و حەزم نەکردبێت لەیەکتر نزیك ببینەوە، لەزۆرکاتدا من خۆم حەزم دەکرد زیاتر قسە بکەین بەیەکەوە، چونکە رزگار کورێکی جوان بوو، تا بڵێی سەرنج راکێش بوو هەر ئەمە وایلێکردم حەزبکەم ئەگەر داوام لێ بکات پەسەندی بکەم، تەواو خۆشەویستی رزگار لەلام دروست ببوو تەنانەت حەزم دەکرد رۆژانی هەینی و شەممە دەوام هەبێت، تا رۆژی یەك شەممە دەچوومەوە بۆ دەوام تەواو بیرم دەکرد.

**رزگار رۆژێك ئەوەی درکاند کە بەنیازە بێتە داوام و پێی گوتم (شۆخان) نیازی کارێکی لەو چەشنەم هەیە نازانم بۆچوونی تۆ چۆن دەبێت؟ منیش زۆرم پێم خۆش بوو گوتم بزانم چۆن دەبێت باپرس و رایەکی ماڵەوە وەربگرم دواتر وەڵامت دەدەمەوە. کاتێك ئەم پرسەم لای ماڵەوە باس کرد بەتایبەت دایکم، هیچ کامیان وەڵامی ئەرێیان نەدامەوە گووتیان تۆخۆت دەزانی کوڕی مامت بەنیازی کارێکی لەو جۆرەیە ئیتر تۆ چۆن بڕیاری هاوسەرگیریت لەگەڵ کەسێکی تر داوە؟ لەکاتێکدا کە زانیم نەبراکانم و نەخوشك و نەدایکم بە باوکم ناڵێن، بۆیە خۆم ناچاربووم پێی بڵێم! باوکم گووتی میهرەبان کچم ئەو کوڕە باش دەناسیت و کێیە؟ منیش روونکردنەوەی تەواوم پێدا، ئەوەی چاوەڕێم نەدەکرد ئەوەبوو باوکم بڵێ باشە کچم ئێمەش پرسیاری تەواوەتیت بۆ دەکەین و دواتر وەڵامیان دەدەینەوە. دوای پرسیارکردن و راوێژکردنی خۆمان بۆمان دەرکەوت بنەماڵەی (رزگار) بنەماڵەیەکی خانەدان و رێکوپێکن و رازی بووین بەم هاوسەرگیرییە. هەرچەندە دەترسام باوکم پەشیمان بێتەوە، چونکە کوڕە مامەکەم زۆر هاتوچۆی دەکردین، راستە برازای باوکم بوو بەڵام هیچ بەدڵی نەبوو، کوڕێکی عاقڵ و کاسب نەبوو، بەهەرحاڵ دوای داواکردن و براندنەوەی ئەو مەسەلەیە لەلایەن ماڵی ئێمەو رزگارەوە، پرۆسەکەمان پێکهێناو و چوینە ماڵ و حاڵی خۆمانەوە.

## دوای تێپەربوونی (٣) ساڵ

دوای تێپەربوونی سێ ساڵ بەسەر هاوسەرگیرییەکەماندا رۆژێك من و رزگار گرفتێکمان نەبوو تا شایەنی ئەوە بێ باسی بکەم، هەتا بڵێی ژیانمان خۆش بوو، هیچ کارێکمان بەبێ پرس و رای یەکتر ئەنجام نەداوە،



هاوڕێکانم هەمیشـــە پێیان دەگوتین خۆزگەم بەژیانتان بەراستی نمونەی خێزانی بەختەوەرن. رزگارماڵی پورێکی لەشاری هەڵەبجە دەژیان هەمیشە دەچوین بۆماڵیان، کوڕی پووری ژنی هێنا و ئێمەشـــیان بۆ ئاهەنگەکەی بانگهێشت کرد، کاتێك خۆمان ئامادەکردو چوین بۆ شاری هەڵەبجە بەداخەوە لەرێگــــەدا بەهۆی خێرایی لێخوڕینـــــی رزگارەوە ئۆتۆمبێلەکەی لەرێگەدا بۆ کۆنترۆڵ نەکراو وەرگەڕا. لەو وەرگەڕانەدا بارودۆخی تەندروستیم زۆر خراپ بوو، قاچێکم شکاو دواتریش توشی فەقەرات بووم تا ئێستاش هەر بەو دەردەوە دەناڵێنم.

## بێوەفایی رزگار

لـــەو وەرگەڕانەدا رزگار ســـەلامەتربوو لەمن، تەنها ســـەری برینداربوو، بەڵام من و کچەکەم وەزعمـــان خراپ بوو، پاش ماوەیەك کچەکەم و رزگار چاك بوونەوە، بـــەڵام فەقەراتم ئازاری زۆری پێگەیشتبوو. بێگومان بەهیچ شێوەیەك نەمدەتوانی کاروباری مـــاڵ بکەم و خزمەتی مـــاڵ و مێـــردی خـــۆم وەك پێویســـت بکەم هەتا دوو ســـێ مانگیش هـــەر ماڵی باوکم و خەسوم ئیشـــی ماڵیان بۆ دەکردم، بەڵام دواتر ئەوانیش کەمتر دەهاتـــن، چونکە ماڵیان نزیك نەبوو لە ئێمەوە، بەهەرحـــاڵ ناچاربووم داوای خانەنشینی بکەم، لەدائیرەکەم و بەهۆی خراپی تەندروســـتیمەوە لیژنەی پزیشکی بڕیاریان بۆ دام. رزگار زۆر هـــاوکاری دەکـــردم و کاری ناوماڵی بـــۆ جێبەجێ دەکـــردم .کاتێك ماڵی پوری رزگار زانییان وەزعم ئەوەندە خراپە پوری رزگار گوتبووی کچەکەی خۆمان دەنێرین بۆ ماڵتان بـــۆ یارمەتیدانی میهرەبان تا کارەکانی بۆ بکات، من ئاگاداری ئەو مەسەلەیە نەبووم تا رۆژێك زانیم(ســـروە) هات بۆ ماڵمان و پێی گووتم کـــە هاتووە بۆئـــەوەی ماوەیەکی زۆر بمێنێتـــەوە هاریکاریم بکات تاچـــاك دەبیتەوە. ســـروە بۆماوەی (٤)چوار مانـــگ لەماڵمان بوو دوای ئەوە، رۆژێك خەســـووم پێی گووتم رۆڵە تۆ کەی چاك دەبیتەوە؟ ناکرێت کچێکی ئەوا گەنـــج و جوان لەماڵتان بێت و ئیشـــتان بۆ بکات، دکتـــۆر هیچی پێنەوتوویت ؟منیش گووتم نـــەوەڵا هیچی پێنەگتـــووم. بەرزگارم گووت کە بچین لەلای ماڵی باوکم یان خەسوم خانوویـــەك بگرین و بۆئەوەی ســـروە برواتەوە، چونکە ناکرێت ئەو کچە هەر لێرە بێت. سەرەتا رزگار ئەمەی بەدڵ نەبوو، بەڵام من بێ ئاگام کە رزگار لەژێرەوە هەمـــوو کارێکی جێبەجێ کردووە، دڵی نەشـــکاندم لەنزیك ماڵی باوکمەوە خانووی بۆ گرتم، تـــا رۆژێك رزگار گووتی شـــۆخان میهرەبانی کۆمپانیایەك پێی گووتووم بۆکاری شۆفێری بەڵام پێویست دەکات شەوانە بمێنمەوە چونکە پرۆژەکانیان لەدەرەوەی شـــارە، خۆت دەزانی بژێوی ژیان سەختەو فریاناکەوین. لەم کارەی رزگار گومانێکم کرد بەڵام هەرزوو پەشـــیمان بوومەوە . گووتم چۆنت پێ باشـــە وابکە.

بێگومـــان بەبێ ئاگایی من رزگار ســـروەی مارەکردبـــوو، بەبێئەوەی ماڵی باوکیشـــم بزانن رۆژێك چووبوون بۆ هەڵەبجەو هەموو کارێکیان تـــەواو کردبوو، تەنانـــەت درۆی لەگەڵ مندا کردبوو هەرلەســـلێمانی بوو هیچ کارێکی تری نەگرتبوو بەڵام شەوانە دەچوو بۆلای سروەو دوو سێ رۆژ جارێك ســـەردانی ئێمەی دەکرد، بەم رەفتارەی رزگار من هەســـتم بەشتێك کردبوو بەڵام باوەڕم نەدەکرد.

## ئاشکرابوونی رزگار

نیوەڕۆ بـــوو خەریکـــی نان خـــواردن بووین، لەوکاتـــەدا لـــەدەرگادرا رزگار چـــوو دەرگا بکاتەوە، لەهەمان کاتـــدا زەنگی مۆبایلەکەی رزگار لێیدا، بەکچەکەمم گووت ئەو مۆبایلەم بداتێ سەیرم کرد لەسەر مۆبایلەکەی نوسرابوو سرووە بەلامەوە سەیر بوو لەوکاتەدا رزگار هاتە ژوورەوە و مۆبایلکـــەی لێوەرگرتم و رۆیشـــتە دەرەوە و قســـەی لەگەڵدا کرد، من هیچم پێ نەگوت و بێدەنگ بـــووم. لەدوای نان خواردن رزگار گووتـــی کەمێك دەخەوم، پاش ماوەیەك نامەیەکی بۆهات هەرچۆنێك بێت هەســـتام و ســـەیری مۆبایلەکەم کرد بینیم سروەیە نامەی بۆ ناردووە و تێدا نوسیویەتی( زوو وەرەوە ئیشم پێتە) بەڕاســـتی تووشی شـــۆك بووم یەکسەر هاوارم کردو رزگارم خەبەرکردەوە گووتم رزگار ئەم نامەیە چیە؟ یەعنی چی ســـروە ئیشـــی پێتـــە؟ رزگار زۆر بەهێمنی پێی گووتم خۆت بـــێ عەقڵ مەکـــە من و ســـروە ژن و مێردو هاوسەری یەکترین!!!

## دوابڕیار

دوای ئەوەی رزگار بەراشکاوی بە میهرەبانی گووت ژنێکی تری هێناوە و لەگەڵ کەسێکی تردا دەژی، میهرەبـــان بڕیارێکی کتوپڕ دەدات ئەویش جیابوونەوەیە بەڵام وەك میهرەبان دەڵێت ((ئەم مەسەلەیەم گەیاندە ماڵی باوکم و خەسوم ئەوانیش پشـــتگیری منیان کـــرد، بەڵام زیاتر داکۆکیان لەسەر ئەوە کردەوە لەو بڕیارە پەشیمان ببمـــەوە لەبەرئەوەی تەندروســـتیم باش نییە و، هەروەها لەبەر کچەکەشم بۆئەوەی سەرگەردان نەبێت، ناچاربووم وەك هەموو ژنێکی تری ئەم کۆمەڵگەیە لەبەر قســـەی خەڵك و منداڵەکەم لەبڕیارەکەم پەشـــیمان ببمەوە))، رزگار بەڵێنی ئەوەی پێدام هیـــچ جیاوازییـــەك لەنێوانماندا نەکات و بیانووی ژنهێنانی بۆئەوەی گەڕاندەوە تەندروســـیتی من خراپە و ناتوانم وەك پێویست ئیشـــی ماڵ بکەم، دانی بەوەشدانا چۆن بیری لەوە کردۆتەوە ســـروە داوا بکات، ئەو ماوەیەی لەماڵمانـــدا بووە بۆی روون بۆتەوە کە کچێکی چۆنە لـــەرووی ئـــاکارەوە و دەتوانێـــت ببێتە تەواوکـــەری ژیانی بەبێئەوەی گوێ بداتە ئەو خۆشەویســـتییەی لەنێوانمانـــدا هەبوو، بەڵام هەمـــوو بەڵێنەکانی رزگار تەنها لەو ســـاتەدا جێبەجێکران کە بەمنی دا لەدوایدا بەوشـــێوەیە نەبوو.

**خاتوو( کەژاڵ عبدالقـــادر)ی توێژەری کۆمەڵایەتی دەڵێت: خۆڕاگری میهرەبان و هاوشـــێوەی میهرەبان لەمەســـەلەیەکی ئاوەدا کارێکی ئاســـان نییـــە بەتایبەت لەرووداوێکدا توشـــی ئـــەو حاڵەتە بووە، ئەمە ئاماژەکردنێکە بۆ راگرتنی سۆزی دایکایەتـــی میهرەبـــان بـــۆ منداڵەکەی و کەســـوکاری خـــۆی و هاوســـەرەکەی لەکاتێکـــدا وەفـــای هاوســـەرەکەی بەو شـــێوەیە بووە، کە بۆی باس کردین، من هەمیشـــە دەڵێم ئافەرین بۆ ئەو ئافرەتەی بەو شـــێوە رەفتار دەکات، ئەگەر پێشـــتر بۆچوونی میهرەبانی وەربگرتایە لەوانەیە بەشێوەیەکی تر مەســـەلەکە رووی بدایە، بـــەڵام لەبەرئەوەی بەنهێنـــی ئەم کارەی ئەنجامـــی داوە من پێموایە ســـەرکەوتوو نابێت. بێگومان کۆمەڵگەش لەئاستێکی جیاوازتردا ســـەیری ئەمجـــۆرە مرۆڤانە دەکات و لەپلەیەکـــی تـــردا ئەژماریـــان دەکات.**

**توێژەرێکی کۆمەڵایەتی: خۆڕاگری میهرەبان لە مەسەلەیەکی ئاوادا شتێکی ئاسان نییە، ئەمە ئاماژەیە بۆ سۆزی دایکایەتی و میهرەبانی بۆ منداڵەکە**